کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بریا ئێمەش خاوەنی زمانی ئەستانداردی کوردی دەبووین

## ئەحمەد دەشتی



گەلۆ دەبێ کەی بێت کوردیش وەک تەواوی گەلانی جیهان ببێ بە خاوەن قەوارەیەکی نەتەوایەتی خۆی و گرنگیەکی ڕاستەقینە بە زمانی ئەستاندارد و ڕەسمی خۆی لە هەموو بوارەکانەوە بدات؟ ئەگەر بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ لە ئارا دایە و زمانی شیرینی کوردی ئاوا کارو ڕەفتاری نارەوایانەی لە گەل دا بکرێت ئەوا گرفتەکان هەر زیاد دەبن، ئەگەر چارەسەریەکانی دڵسۆزانە و راست لە لایەن کۆڕێکی زانستی کوردی بە مانای وشەکەی خۆیەوە نەکرێت و بڕیاری زمانی ئەستانداردی کوردی نەدرێت ئەوا، پێم وایە زمانەکەمان توش بە گرفت و کارەسات و دان پیا نەنان تەنانەت لە لایەن خودی خۆمانەوە دەبێت، جێگەی داخە کە ئەمڕۆ هەرکەسە لە لایەن خۆیەوە تیلکێک لە دروست بوونی زمانی ئەستانداردو ڕەسمی وەردەدات و ئەم زمانە شیرینەی کوردی بەرەو هەڵدێر و پارچە پارچە بوونەوە دەدات،کە لە ئاکام دا چارە سەریەکان زۆر سەخت و نالەبار و گرژ دەبن، ئەو کارانەی کە ئەمڕۆ لە سەر زمانی کورد دەکرێت، من پێم وایە هەلەیەکی زۆر مەزنە کە دەبێتە هۆکارێکی زۆر گەورە  بۆ تێکچون و تێک نەگەیشتن و پیش نەکەوتنی زمانی شیرینی کوردی لە ناو خودی کوردەوە،دەبینین کە لە دوای ساڵەها ساڵی داگیرکەردنی کوردستان و ئەو هەموو هەولەی دوژمنانی کورد بە درێژایی مێژوو لە هەر چوار لاوە کە بۆ تێکدان و نەمانی ئەم بنەمایە گرنگەی نەتەوایەتیمان و بۆ پارە پارە کردن و تێک دان و نەهیشتنی زمانی کوردی لە لایەن دوژمنانەوە کە نەیان توانی زمانی کوردی لە ناو بەرن و لەت لەتی بکەن، بەڵام داخەکەم کە ئەمڕۆ لە گەل بوونی نیمچە کیانێکمان لە باشوری کوردستانەوە دەبینین خودی خۆمان وا زمانی کوردی لەت لەت دەکەین و لە چارە سەریەکان خۆ بێ دەنگ دەکەین، ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە هەتا ئەم ساتەش نە تواندراوە کە زمانێکی پاراوەو ڕێک و لە بار و باش و ئەستاندارد بۆ نەتەوەکەمان بچەسپێندرێت، نەتواندراوە کەلە سەرتا سەری باشوری کوردستانەوە زمانی ئەستاندارد بیکەین بە ڕەسمی و بە تەواوی پیادەی بکەین و لێپرسینەوە لە گەل ئەوانەدا بکرێت کە دان بە زمانی ئەستاندردو بڕیاری لە سەر دراو لە پەرلەمانی کوردستانەوە، دەبێت هیچ کەسێک نەتوانێ و بۆی نەبێت بە هەوەسی خۆی وشە دابڕیژێ و بەو شێوە ناشرینانەی کە ئێستا هەیە لە سەر تابلۆکانی ناو شارەکان دا ئاوا بە نارێکی ڕەفتار لەگەل زمانی باوو باپیرانمان دا بکرێت، کەی ڕەوایە زۆر کەس باس لە خوێندن و زمانی کوردی دەکات کە لە هەر دەڤەرە بە شێوە دیالەکتیکیەکەی خۆیان بخوێن و بنوسن و زمانی ئەستانداردی ملليمان لێ دوور بخرێتەوە و هەر دەڤەرە بۆ خۆی زمانی خوێندن و نوسینی ناوچەکەی خۆی  دیاری بکات، ئەرێ گەلۆ لە کوێندەرێی ئەم  جیهانە دا نەتەوەیەکی ئازادو خاوەن قەوارەیەکێ نەتەوایەتی خۆیەوە وەدی دەکرێت کە زمانی ئەستانداردی خۆیان نەبێت؟ کە ئەوانیش وەک گەلی کورد بە دەها زاراوەی جۆراو جۆریان هەیە و هەر شوێنە دیالەکتیکێکی تایبەتیان لە هەر دەڤەرەو هەیە،بەڵام خاوەنی زمانی ئەستانداردی خۆیانن، دەبا ئێمەش چاو لەو گەلانە بکەین و لەم بوارەو دڵی داگیرکەران و دوژمنانمان شاد نەکەین، ئەو هەموو بەندو بالۆرانەی کە لەوبارەوە لێ نەدەێت با توڕیان بدەین، ئەگەر سەرتا سەری جیهان بپشکنین لە وەڵاتێک و لە ناو گەلێکی ئازاد و سەربەخۆدا وەدی ناکەین کە هەر ناوچەیە بە شێوە زاراوەکەی خۆیان بخوێنن و بنوسن و زمانی ڕەسمی ناوچەکەیان زاراوەی تایبەت بە ناوجەکەوە بێت ، ئەمڕۆ ئەگەربەر پرسیاران ڕێگری لەم کێشە گرنگ و مەزنەی زمانەوانی نەکەن و دڵسۆزانە هەنگاو بۆ چارە سەریەکانی ئەم مەبەستە نەهاویژن و کۆڕی زانیاری و زانستی کوردی کارا نەکەن ،هەنگاوە مەزن و دیارەکان و ئەرکی سەر شانی خۆیان ناوێن، پەرلەمان لە دوای جێبەجێ کردنی یاسایکان لەمبارەوە نەڕاوات و

دەزگاکانی کە ئەرکی جێبەجی کردنیان هەیە جێبەجێیان نەکەن هەموو کوردێک گەورەو چوک لە هەموو لاوە دان بە یاسایانە نەنێت و بەتەواوی زمانی بڕیار لە سەر دراو جێبەجێ نەکرێت ئەوا پێم وایە کە سبەینێ دادێت زۆر درەنگ دەبێت و زمانیشمان وەک خاک و نیشتمانمان پارە پارە دەکرێت، زامێکی پێشکەوتوو و ستانداردمان لێ تێک وپێک دەچێت و دۆو دۆشاو تێکەڵاو دەکرێت و هەر دەڤەرە بە دیالەکتیکی تایبەتی خۆیەوە خەریک دەبێت کە ئەمەش کارێکی یەکجار زشتە و ئەمەش خەتەرێکی گەورەیە لە سەر گەل و نیشتمانمان دا، کە بە داخەوە کۆڕی تاساوی زانیاری و زانسی کوردی خۆیان لەو بارەو مت کردووە و کارێک ناکەن و هەر دڵێی ئەم کۆڕە زنیاری و زانستیە نەماوە، چونکە هەتا ئەم ساتەش باسێ لەو بارەوە نیە، کە ئەوان بێن و زمانە ئەستانداره کوردیە ڕەسەنەکە و پێویستەکەی خۆمان دابڕێژن و لەسەرتا سەری باشوری کوردستانەوە بیکەن بە یاساو حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی هەموو بڕگە بڕیار لە سەر دراوەکان بە دوا چوونەوە جێ بەجێ بکات و لە هەموو ناوچەیەکیکوردستان دا زمانی ئەستاندارد کارا بێت، بەتەواوی پیادەی بکەن و دەبێت لادانیش لەم یاسایەو ئەم کارە پیرۆزە سزای لە گەل دابێت، ئەوانەی کە بەر پیچی لێ دەکەن بدرێن بە دادگاوە.

دەبینین هەموو گەلانی جیهان ڕابەران و بەرپرسیاران و کەسایەتیەکانیان لە هەر شوێن و کاتێک دا بن ئەوا بە زمانە رەسەن و یەک شێوەکەی بڕیار لە سەر دراوی خۆیان دەپەیڤن و دەنوسن و لە تەواوی جیهان بۆ خۆیان پێش هەموو کەسێک دان بە زمانە شیرینەکەی خۆیانەوە دەنێن، بەلام داخەکەم ئێمەی کورد وا نین و لە بەر خاتری خاتران تەنانەت زمانەکەی خۆشمان دەگۆڕین و بە زمانی بێگانەکانەوە دەپەیڤین و چاو پیکەوتن و وتارو سمینارەکانیشمان تەنانەت بۆ بێگانەکانە و گەلێ لە ڕۆلەکانی خۆمان بێ بەشن لە تێگەیستنەوە.دەبینین لە خودی پایتەختی کوردستانەوە بە زمانی بێگانەوە گەلێ لە کارەکان بە تایبەت لە سمینارەکان دا ئەم کارە ئەنجام دەدرێت و زمانی بێگانە زاڵە بە سەر گەلێ کارو بارەکانمانەوە،من پێم وایە ئەمە کارێکی هەتا بڵێی هەلەیە و دەبێ بەرپرسیارانی کورد لەم بارەوە چاک بڕوانن و حسابێک بۆ ئەمە بکەن، کە بۆچی دەبیت هەر ئاوا بێت؟ باکارێ بکەین کە زیاتر ڕیز بۆ زمانی خۆمان دابنێین با بێگانەکانیش لە سمینارەکان دابن، بە تایبەت کە سمینارەکان هی کوردە و لە کوردستان دەگێر درێت، با خەڵکی بێگانەشی تیا بێت، بۆ دەبێت سمینارەکان بە زمانی کوردی نەبێت؟ ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا هێندە پیشکەوتووە کە دکارێت بە زمانی هەموو بەشدار بوان لەزمانی کوردی ڕا بۆ زمانە بێگانەکانەوە لە هەمان سات و کات دا بابەتەکان وەربگێڕ درێت و بێگانەکان تێ بگەیێندرێن،دەبێ ئێمەی کورد زمانی کوردی خۆمان لە هەموو زمانێکی تر بتر گرنگی بۆ دابنێین و لە بەر چاوی بێگانەکان زمانی خۆمان بە هەند بزانین،هەتا کەینێ خۆمان وەک پێویست دان بە خۆمان نەنێین، با هەمومان زیتر هەیبەتی زمانی کوردی دروست بکەین،با چێتر ئەگەر بێگانەکانیشمان لە گەل دا بێت یەکسەر زمانەکەمان نەگۆڕین، ئەمڕۆ کە کورد دەسەلاتێکی خۆی هەیە دەبێت گەلێ لەو شتانەی کە گرنگی پێ نەدراوە زۆر لە بەرپرسیاران بە گرنگی دانانێن و بە بچوکی دەبینن، کەلە ڕاستیش دا گەلێ گرنگ و گەورەن لەمڕۆ را دەستی پێ بکرێت و کۆڕی زانیاری و زانستی کوردی بکەوێتە خۆیەوە،تا کار لە کار نەترازاوە چارەسەریەکانی زمانی ئەستانداردی کوردی بسازین و ئەنجامی بدەین.